# دەبێ ڕۆژی بەردەبارانکردنی (دووعا) بکرێتە ڕۆژی سەراسەری دژ ی ڕەشەکوژی ژنان لە کوردستان!

***دەبێ ڕۆژی بەردەبارانکردنی دووعا، بکەین بەڕۆژی سەراسەری دژ بە ڕەشەکوژی ژنان لەکوردستان . هەموو ساڵێك لەو ڕۆژ وکات و ساتەدا کە دووعایان تێدا بەردەباران کرد، دەنگی ئازادیخوازی لە دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان بەرزتر بێت.***

**ناسك ئەحمەد**
nasikahmad2@yahoo.com

چەندین ساڵ بوو، دیمەنی کوشتنی ژنێك لە یاریگای کابوول بە دەستی تالیبان لە ئەفغانستاندا سەرتیتری تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی جیهان بوو. ڕەمزێك بوو بۆ نیشاندانی بەربەریەتی تالیبان و ناکۆك بوونی دەسەڵاتی ئەم تاقمەی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ جیهانی مۆدێرنی ئەمڕۆدا. ئەمڕۆ نمایشی وەحشیانەی بەردەبارانکردنی '' دووعا '' کیژۆڵە یەکی تەمەن ١٧ ساڵ لە شارۆچکەی بەعشیقە، پێشبڕکێ وەحشیگەری لە دەسەڵاتی ئەوکاتی تالیبان بردەوە.

ئەم ڕووداوە دەبێ بە '' نا'' یەکی گەورە، بە ناڕەزایەتییەکی گەورەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وەڵام وەربگرێتەوە. ''نا'' یەك کە بە ئەندازەی وەحشیگەری ئەم تاوانە بەهێز و گەورە بێت. ناڕەزایەتییەك، کە ڕانەوەستێت تا بەڕەسمی و یاسایی کوشتن و توندو تیژی دژ بە ژن قەدەغە دەکات و مافەکانی ژن و یەکسانی ژن و پیاو دەکاتە قانوون لە کوردستان.

نابووت کردنی جەستەی کیژۆڵەیەك تا مردن، بە ئاشکراو بە ڕۆژی ڕووناك و بە بەرچاوی خەڵکەوە پەیامێکە بۆ تۆقاندنی خەڵك. ئەمە نابووت کردنی جەستەی ئازادییە. ئەمە بەردەبارانکردنی ئینسانیەت و خودی ژیانە. ئەمە هیستریایەکە بۆ لەناو بردنی شادی و جوانی ژیان. ئەم تاوانبارانە دەیانەوێت ویژدانی ئینسانی کۆمەڵگە بکوژن. دەبێ بۆ دیفاع لە ئینسانیەت و نرخی ژیان و ئینسان بجەنگین وبێینە مەیدان.

بەردەبارانکردنی '' دووعا '' پێچێك نییە بە مێشکی کەسووکار و کۆمەڵێك پیاوسالاری هۆزەکەیدا هاتبێت. ئەم ڕووداوە بەرهەمی واقعیەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە، کە چەندین ساڵە خەڵکی کوردستان لەگەڵی بەرەورووە. ئەم ڕووداوە بەرهەمی هەلوومەرجێکی سەختە، کە١٦ ساڵە ژنانی کوردستانی تێداراگیراوە. ئەمڕۆ ڕەشەکوژی ژنان لەکوردستان یەك دیاردەی ڕێکخراووەو دامەزراوەی گەورە لە پشتیەوە وەستاوە، قانوون و یاسای تایبەتی لە پشتەوەیە، مزگەوت و ئەحزابی سیاسی لە پشتەوەیە. لەسەروو هەموو ئەمانەوە دەسەڵاتی لە پشتە. کوشتنی ژنان بەرنامەی بە ئاگاونەخشەمەندانەی دەسەڵاتدارانی کوردایەتیە لە ١٦ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا. لە١٦ ساڵی ڕابردووووەوە تا ئێستا زیاتر لە ٣٣ هەزار ژن کوژراوو وسووتاون!. تا ئێستا دەسەڵات نەك هەر لەبەرامبەر ئەم قەتلگایەدا هەڵوێستەیەکی نەکردووە، بەڵکو زۆرێك لە بکوژان ئەندامان و بەڕێزانی دیوەخانەکانی ئەحزابی خۆیانن!. ١٦ ساڵە یاسا دژە ژنەکان و یاسای کوشتنی ژن بەڕێوە دەبەن، کاتێکیش ئازادیخوازان بە شێوازی جۆراوجۆر هاتوونەتە مەیدان بۆ لابردنی ئەو یاسایانە ، بە چەك و دادگا و مزگەت و قەڵەمە ژەهراویەکانیان وەڵامیان داوەتەوە.

بەردەبارانکردنی دووعا بە پێش چاووی هەمووماندەوە، نیشانەی مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر ژیانی ژنان و ئازادیخوازی کۆمەڵگە . کۆمەڵگە چاوەڕێ نەخێر و هەڵمەتێکی گەورەیە دژ بەم تاوانە، کە بە ئەندازەی ئەو وەحشیگەرییەی دژ بە (دووعا) کرا گەورە بێ. هیچ شتێك ناتوانێ پاساوی ئەم تاوانە بداتەوە، وە هیچ شتێکیش ناتوانێ پاساوی بێدەنگی بەرامبەر ئەم بەربەریەتە بداتەوە. ناڕەزایەتییەکی گەورە، چالاکی فراوان، ناچارکردنی دەسەڵاتدارەتی کوردایەتی بە مل کەچ کردن بۆ داواکانی ئازادیخوازان و ژنانی تینووی ئازادی، دەتوانێ کەمێك ئازاری برینی بەردەبارانکردنی دووعا و هەزاران ژنی تر، کە لە کوردستانی عێراق گوللەباران کران و سووتێنران کەم بکاتەوە.

ئەم ڕووداوە ئازادیخوازان وهەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ژنانی لە کوردستان خستۆتە بەردەم دووڕیانێکەوە. یان

لێدەگەڕێین کوردستان غەرقی کۆنەپەرستی و بەربەرییەت و قانوون و حوکمی تالیبانەکان بکرێت، یان چارەنووس و ئایندەیەکی باشتر دەکەینە سیمای ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان هەر ئەمڕۆ.

دەنگی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لە جیهاندا بۆ بەرگری لە ژیان و مافی ژنانی کوردستان دەبێ بێتە وەلام. ئەم دەنگە دەبێ خەبەری بێتەوە، ئەم هێزە دەبێ ئاگادار بێ لەوەی کە لە کۆمەڵگەیەکی پێنج ملیۆنیدا، لەشکرێك لە ژن، لەشکرێك لەهاووڵاتیانی کوژراو و سووتاوە. دەبێ بە ئازادیخوازانی دنیا بڵێین، ئەوەتا لە سەددەی بیست ویەکەدا، لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا سەرەتاییترین مافی ئینسان قەسابی دەکرێت. لە شوێنێکی ئەم جیهانە مۆدێرنەدا هەر بە وێنەی سەدەکانی ناوەڕاست، چۆن خاوەن کۆیلەکان کۆیلەکانیان بەردەدایە گیانی یەکتر، ئەوەتا دەسەڵاتدارانی کوردستانیش پیاوان و عەشیرەتەکانیان بەرداوەتە گیان و جەستەی ژنان!. ئەوەتا سەدان کەسیان لە گیانی کیژۆڵەیەکی ١٧ ساڵە بەرداوە و بە بەرد و بلۆك پارچە بە پارچە گیانی دەپچڕن!. تەنها دەربڕینی دەنگی نارەزایەتی ئێمەی خەڵکی کوردستان دەتوانێ شەرمی ڕوودانی ئەم کارەساتە لە ڕووی دانیشتووانەکەی و خەڵکێك بکاتەوە، گەر بۆ یەك ڕۆژیش لە کوردستان ژیابێ. ئەم ڕووداوە شەرمێك و خەجاڵەتییەکی گەورەیە بە ڕووی کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردستانەوە. تەنها نەخێر و نا بۆ کوردستانێك کە بە تاعوونی ژن کوشتن ئالوودە کراوە، دەتوانێ ئارەقەی ئەم شەرمە لە ڕووی دانیشتوانەکەی بکاتەوە.

لێرەدا دەمەوێت کەمێك لەسەر ئەو بۆچوون و لێکدانەوە زیانبارانە بدووێم کە سەبارەت بە ڕەشەکوژی ژنان و هەروەها دووبارە لە پەیوەند بە کارەساتی بەردەبارانکردنی دووعاوە هاتوونەتە پێشەوە. سەرەتا ئەوە بڵێم ئەم لێکدانەوانە تا ئێستا زەرەرێکی زۆر گەورەیان لە پرسی قەلاچۆکردنی ڕەشەکوژی ژنان لە کوردستان داوە. هەر لە نێو درز و کەلێنی ئەم لێکدانانەوەدایە، کە کوشتن و توند وتیژی سەرسوڕهێنەر دژ بە ژن لە کوردستان بالای گرتووەو بەم ئاستە مەترسیدارەی ئێستا گەیشتووەو تا ئێستا لەچارەسەر نەهاتووە.

## *کۆمەڵگا وورده وورده دەگۆڕێ و دەبێ بە شێنەیی شتەکان چارەسەر بکرێ!.*

ساڵی ١٩٩٢ ـ ١٩٩٣ وەختێك من و هاوڕێکانم لە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان شار و شارۆچکەکانی کوردستان، گەرەك و قوتابخانە و دائیرەکان دەگەڕاین و بەدژی ڕەشەکوژی ژنان قسەمان دەکرد و ئیمزامان بە دژی کۆدەکردەوە، ئەوکات و ساڵانیکی دوای ئەویش دەسەڵات و بەشێك لە ڕۆشنبیرانی ناسیۆنالیست بە ئێمەیان دەووت: ئەمەی ئێوە دەیڵێن خەیاڵە ودواکەوتوویی سەرتاپای کۆمەڵگەی داگرتووە، عەقڵیەتی خەڵك لە دواوەیە، وورده وورده شتەکان دەگۆڕێ و کۆمەڵگە پێش دەکەوێت. ئەوکاتەی گوێمان لەم قسانە دەبوو، دووعا تەمەنی ٢ ساڵان بوو. دووعا تەمەنی بوو بە ١٧ ساڵ و ئەو وورده ووردەیەی کە وەلامی ئێمەیان پێ دەدایەوە، دووعای بەردەباران کردا!، کۆمەڵگەی کوردستان، نەك هەر وورده وورده پێش نەکەوت، بەڵکو زۆر بە خێرایی داهێنان لە کوشتنی ژنان کرا، تا ئەو ڕادەیەی کە دووعای تەمەن ١٧ ساڵ بە وەحشیانەترین شێوە بەردەباران کرا، کە تا ئێستا کۆمەڵکەی کوردستان بەخۆیەوە نەبینیوە .

ئالوگۆڕ لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، چ بەرەو پێش یان بەرەو دووا، لە خۆوە و بێ کاریگەری و کاری بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان پێك نایەت. ئالوگۆڕ بەرهەمی کارێکی دیاریکراوە. کۆمەڵگە و ژیانی خەڵك ئیلهام لە مەسائیل و ڕووداوی جۆراوجۆر وەردەگرێ. هیچ ئینسانێك ناتوانێ ئینکاری لەو ڕاستیە بکات. کەئەوەی دەیان ملیۆن ژن لە ئێراندا ناچار بە حیجاب پۆشین کراوون و ژن و پیاو لە شوینە گشتیەکاندا لەیەك جوودا کراونەتەوە و تا ئێستا سەدان ژن بەردەباران( سەنگ سار) کراوون، بەرهەمی هاتنە سەر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی و حکومەتی مەلا و قانوون و یاسا ئیسلامیەکانە، نەك فەرهەنگی کۆمەڵگەی مودێرنی ئێران.

خاوەنانی چەمکی وورده وورده شتەکان دەگۆڕدرێ، دەسەڵاتدارانی کوردستان و پاریزەرانی دەسەڵاتن و ئەوان دایان هێناوەو کەسانیکی بێ ئاگا لەڕەوتی بەرەو پێشچوون و میکانیزمی حەرەکەتی کۆمەڵگە دەیڵێنەوە.

سەیر لەوەدایە دەسەڵاتداران کاتێك ئەم قسەیە بە ئێمە دەڵێن، کەخەڵك یەخەیان دەگرێت و پێیان دەڵێت: ئێمە قانوونی ژن کوشتن و نایەکسانی ژن و پیاومان ناوێت، بۆچی ڕێگا ناگرن لە ڕەشەکوژی ژنان؟، بۆچی تاوانباران و بکوژانی ژنان ئازادن و سزا وەرناگرن؟. بەڵام هەر ئەم جەنابانە، کە بۆ قەڵاچۆکردنی ڕەشەکوژی ژنان بڕوایان بە ''وورده وورده '' و کاری شێنەیی هەیە، کەچی بۆ کەڵەکە کردن و گوزەراندنی سەرمایەکانیان بڕوایان بەم وورده ووردەو شێنەییە نیە!. بۆ ئەمەیان دەستوبردو خێرایی و بەپەلە بە قازانجیانە!. هەر ئەمانن بۆ بەهێزکردن و برەودان بە کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا زۆر خێران و بە پەلە دەتوانن کۆببنەوەو بڕیاری خێرا بدەن. بۆ زیادکردنی ژمارەی مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان، بۆ زیادکرنی پرۆژە ئابوورییەکانیانی گیرفانی خۆیان، بۆ بەرزکردنەوەی باڵای کۆشك و تەلارەکانیان و هێنانی تازەترین و مۆدیرنترین تەکنەلۆژیای سەردەم، کات بەقەرز دەکرن. بۆیە چەمکی'' وورده وورده و شێنەیی''، یانی دەست لێنەدانی هەلومەرجی ئێستا و نەگۆڕینی، یانی شانخاڵیکردنەوەی دەسەڵات لەم هەموو تاوانە و هیچ نەکردن.

## خەتای فەرهەنگ و کلتووری دوواکەوتووانەیە، دەسەڵات چی بکات!!

فەرهەنگ و کلتوور دروستکراوی دەستی ئینسانە. فەرهەنگ وکلتوور ئەخولقێنرێ، دەتوانرێ برەوی پێبدرێ و دەشتوانرێ لەبەین ببرێ و بەکردەوە لە ژیانی واقعی ئینسان دوور بخرێتەوەو بێ کەڵك بکرێ. گومان لەوەدا نییە، لەو کۆمەڵگەیانەی کە ساڵانێکی دوور و درێژە ئیسلام و دین تیایدا هەژموونی بەسەر قانوون و دەسەڵاتەوە هەیە، قانوونێك هەیە بە ناوی قانوونی (غسل العار) ، کە ئەمەش لەگەڵ خۆیدا فەرهەنگ و کلتووری کوشتنی ژن لەژێر پەردەی شەرەف و ناموسدای بەرهەم هێناوە ، ئەم قانوون و فەرهەنگ و کلتوورە قێزەوونە دەستی سوورە بە کوشتنی هەزاران ژن و زیندەبەچاڵ کردنی ئاوات وئارەزووە ئینسانیەکانی ملیۆنەها ئینسان لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا. بەڵام هەر فەرهەنگ و کلتووریکی دیاریکراو کاتێك دەتوانێ مانایەکی واقعی و فراوان لە ژیانی جەماوەر و ئینسانەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا پەیدا بکات، کە لەگەڵ بیروبۆچوون و بەرنامە و سیاسەتی دەسەڵاتی ئەو کۆمەڵگەیەدا جووت بێت. یان کاتی وا هەیە، دەسەڵات بەپێی نەخشە و پلان و بەرنامەی تایبەتی خۆی کلتوور و فەرهەنگێکی دیاریکراو دروست دەکات ، بەهێزی دەکات. بە پێچەوانەشەوە دەتوانێ فەرهەنگ و کلتوورێکی دیاریکراو لە نێو خەڵکیدا بپوکێنێتەوە و لەبەینی بەرێت.

کێشەی من لەگەڵ ئەو بۆچوون و لێکدانەوەدایە، کە بۆ ڕووسپیکردنی ڕووی دەسەڵات لە تاوانی کوشتنی ژنان لە کوردستان دەڵێ: ئەمە کلتووری خەڵکەکە خۆیەتی و دەسەڵات ناتوانێ بەزۆر ئەمە بگۆڕێ و لە ناو کورددا ژن کوشتن لەسەر ناموس هەر هەبووە!!. بەڕاستی کەس هەیە بتوانێ ئینکاری لەو ڕاستیە بکات کە، هیچ کاتێك لە مێژووی ژیانی خەڵکی کوردستاندا بە ئەندازەی ١٦ ساڵی ڕابردوو ژن نەکوژراوە؟!. هۆی چیە ئەم فەرهەنگ و کلتوورە لە ١٦ ساڵی رابردوودا ئەوەندە لای خەڵکی کوردستان خۆشەویست و ئازیز بووە!! بەڕاستی تۆ بڵێ ی خەڵکی لە ڕۆژێکدا خەبەریان بووبێتەوە و درکیان بەوە کردبێ کە ڕێگەی ڕزگاربوون و خۆشبەختیان کوشتنی خوشك و هاوسەر و دایك و جگەرگۆشەکانیانە!! یان ئەوەتا پێغەمبەرێك تەشریفی هێناوەو پێی ووتوون ڕێگای نەجات و خۆشبەختیتان ئەمەیە!!.

یەك ڕاستی حاشاهەڵنەگری ئەمڕۆی کوردستان ئەوەیە، کە دیاردەی ڕەشەکوژی ژنان یەك دیاردەی تازەیە، ئەمەی دەگوزەرێ لە کوشتنی ناموسی تێپەری کردووە، ئەمە ڕەشەکوژی و قەتڵیعامی کۆیرانەی ژنانە. لە مێژووی ژیانی تا ئێستای خەڵکی کورددا بەم ئەندازە و بەم دڵڕەقی و هیستریایە نیوەی کۆمەڵگەکەیان کە، ژنانن قەتڵیعام نەکردووە.

سەرقافڵەی ئەم تاوانکاریەی کە ئەمڕۆ دەرهەق بە ژنان لە کوردستان دەگوزەرێ، وتەنانەت کاتێکیش لە شاخ بوون، ئەحزابی دەسەلآتداری کوردی بوون . دەیان ژنیان لە نێو شارەکاندا لە ژێر ناوی شەرەفدا کوشت و وەك چالاکی قارەمانانەی هێزەکانیان لە ڕادیۆکانیانەوە بلآویان دەکردەوە. لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری١٩٩١یشەوە زۆر بێ شەرمانە لیستی ناوی ئەم ژنانەیان بە نێو خەڵکدا بلآو دەکردەوە کە لە ژێر هەمان بەهانەدا دەیان کوشتن.

سالّی ١٩٩٥ دەیان ژنیان لە ناوچەی بادینان کوشت و تەرمەکانیان لە ئەشکەوتی گارە فڕێدان، لە شارۆچکەی هەڵەبجە لە ماوەی یەك هەفتەدا بزووتنەوەی ئیسلامی ٣٥ ژنی کوشت و بە ئاشکرا ناوی ئەم ژنانەی بلآوکردەوە لە نێوخەڵکیدا.

بۆیە لە هیچ کۆمەلگەیەکدا ناتوانرێت فەرهەنگی باوی کۆمەلگە لە دەوورو نەخشی دەسەلآت جیابکرێتەوە. چ بەباری ئیجابیدا بێت چ بە باری سلبیدا.

من لە بەشی دواتری ئەم ووتارەدا هەوڵ دەدەم هەندێك لایەنی تری لێکدانەوە زیانبارەکان، کە دەسەلآت و قسەکەرانی تێدەکۆشن لە بیرکردنەوەی خەڵکی کوردستاندا ڕەواجی پێبدەن، ڕۆشن بکەمەوە.

ماویەتی

٢٠٠٧/٥/١